# شارۆچکەی سۆران
# شارێکی بێ تــاکسی



**یاسای هەر وڵاتێك بەیەكسانی بەسەر هـەموو هاوڵاتیانـدا جێبـەجێ دەبێـت بـەبێ جیاوازی، جوانی یاساکانیش تەنها لەوەدایـە کـە داد پـەروەری و مافـەکانی هـەموو مرۆڤێکی تیادا بەرجەستەکراوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئێمـە وەك تیمـی رۆژنامـەوانی چەندین جار رێگامان کەوتۆتە شارۆچکەی سۆران و دەورووبەری، دیاردەیەکی زۆر زەق و جیاواز سەرنجی راکێشاوین کە هەمیشە لەلامان و لای ئەو کەسانەش کە خەڵکی ئـەو دەڤەرە نین و دەچنە ئەم شارۆچکەیە سەرنجی راکێشـاوین کـە ئـەویش بریتییـە لـە پیشەی تەکسی و ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی هاوڵاتیان بەکرێ، کە تاکسی رەنگ( سـپی و پرتەقاڵی و تاکسی کوردستان ) بۆیان نییە لەو شارۆچکەیە کاری تاکسی بکەن بەڵکو ئۆتۆمبێلەکانی رەنگ جیاوازەکانی( خصوصی ) و پیکاب بۆیـان هەیـە کـاری تاکسـی بکەن، ئەگەر هاتوو چەند کیلۆمەترێك لەو شارۆچکەیە دوور بکەیتەوە ئەم دیاردەیـە قەدەغەیە و بەسەرپێچی یاسایی لەقەڵەم دەدرێت، بە تایبەتی لە پایتەختی هەرێم و شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە و چەند پرسێکی تر بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی سۆرا نمان بەسەر کردەوە کە بەو پەڕی رێـزەوە وەڵامی پرسیارەکا نمانیان دایەوە.**



**بەدواداچوون/ سەرووت محەمەد رەحمان و شێرزاد عومەر مەحمود**

S4632628@gmail.com



**ئەفسەری یەکەم سالار تەحسین سیدو/ بەرێوەبەری کارێگری و راگەیاندنی پۆلیسی هاتووچۆی قەزای سۆران.**

*** ئایا بۆچی لە قەزای سۆران سیستەمی تەکسی جیاوازە لە هەموو دونیا سیستەمی تەکسی رەنگێکی تایبەتی هەیە بەڵام لە سۆران بە پێچەوانەیە ئایـا ئەمـە بۆچی دەگەرێتەوە.؟**



ئێمـە وەکـو راگەیانـدنی بەرێوەبرایـەتی پۆلیسـی هاتووچـۆی سـۆران لێـرەوە پـەیامی خۆمـان دەربـبڕین و ئاراسـتەی شـوفێران و هاوڵاتیـان بکـەین، سـەبارەت بـە سیسـتەمی تەکسی لە قەزای سۆران نەك تەنیا سیستەمی تەکسی لـە سـۆران نیـە، بـەڵکو لـە هـیچ قەزا و ناحیەیەکی کوردستان سیستەمی تەکسی نیـە، بـەڵام ئەمـەش نابێتـە گرفتێکی زۆر گەورەش کە شایەنی بـاس کـردن بێـت، باشـترین جێگـرەوە بـۆ تەکسی سیسـتەمی تەکسـی تەلەفۆنییـە کـە ئێسـتاش لـە زۆربـەی وڵاتـە پێشکەوتووەکان ئـەم سیسـتەمە پەیڕەو دەکرێت، ئەگەر بەراوردێك لە نێوان سیستەمی تەکسی تەلەفۆنی و سیستەمی تەکسی بکەین من پێم وایـە وەکـو ئەفسـەرێکی هاتووچـۆ بـۆ فـەنکانی هاتووچـۆش بـۆ سیستەمی هاتوچۆش سیستەمی تەکسـی تەلـەفۆنی باشـترە لـە سیسـتەمی تەکسیدا، لـە سیستەمی تەکسیدا، تەکسی بەردەوام لـە جولاندایـە واتـە لـە شـەقامێك بـۆ شـەقامێکی تـر، بـەڵام لـە سیسـتەمی تەلەفۆنیـدا کارەکـەی جـێ بـەجێ دەکـات و دەگەرێتـەوە ئـەو شوێنەی کە بارەگای تەکسی تەلـەفۆی لێیـە، لـە سیسـتەمی تەکسی تەلەفۆنیـدا ئەگـەر پارە یاخود پارچە زێرێکە یان شتێکی گران بەها ئەگەر لە تەکسیدا ماوە دەتوانی پەیوەندی پێوە بکەی کە بـۆت بگەرێنتـەوە، بـەڵام لـە تەکسیدا شوفێرکە دیار نیە، لایەنێکی تر سیستەمی تەکسی تەلەفۆنی ئەوەیە چۆن ئەفسـەرێك یـاخود ئاسایش یـاخود دکتۆرێـك دەبێتـە ئێشگکر لـەو دەزگـای کـە دەوامـی لێ دەکات، بەهەمان شێوەش لە تەکسی تەلەفۆنیشدا (10) تەکسی تەلەفۆنی لە سۆراندا هەیـە، لـە هـەر (10) تەکسـی تەلـەفۆنی شـەوانە یـەك شـوفێر دەبێتـە ئێشگکر، واتە هاوڵاتیەك کاتژمێر یـەکی شـەو یاخود دووی شـەو ئەگـەر هـاتوو تووشـی روداوێکی فریاکەوتنی هاتـە پێشـەوە دەتـوانێ تەلـەفۆن بـۆ تەکسی تەلەفۆنی بکات، لە ماوەی چەند چرکەك چەند دەقیقەیەك تەکسی تەلەفۆنی دەگاتە شوێنی مەبەست.

*** سەبارەت بە تەکسی هەر کەسێك ئۆتۆمبێلێك بۆخۆی بکرێ جا ئەو ئۆتۆمبێلە تەکسی بێ یاخود خسوسی بێ کاری پێدەکات لە قەزای سۆران.؟**

ئەم کێشەیە نەك تەنیا لە قەزای سۆران لە زۆر شوێنی تـر هەیـە وەکو گووتم ئێمـە هەنـدێك کێشـەمان هەیـە، ئێستا سیسـتەمی تەکسـی کوردسـتان هەیـە، پێویستە ئەم سیستەمە چارەسەر بکرێت هەروەها هەندێك ئۆتۆمبێلی مۆدیل خوارەوە هەیە، پێویستە ئەمەش رێکبخرێتن ئەمەش پێویستی بـە گفتوگۆیـە لە نێوان وەزرەتی گواستنەوەو وەزارەتی ناخۆ و قائیمقامیەتی سۆران کە ئەم کێشەیە لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی سۆران پێکەوە چارەسـەر بکرێت، هـەروەها لـە سـاڵی نـوێی (2010) پێلانێکمـان هەیـە، لەگـەڵ بەرێوەبەرایـەتی گواسـتنەوەی سـۆران و بەرێوەبەرایـەتی هاتووچـۆ هـەروەها لەگـەڵ جـەنابی قائیمقام پرۆژەیەك پێشکەش بکەین بە هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و گواستنەوە ئەم کێشەیە لە سۆران چارەسەر بکرێت.

**تۆ وەکو ئەفسەرێکی بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی سۆران هیچ کاتێك تووشی کێشە نەبووی لەگەڵ شوفێرەکانی تەکسی و شوفێرانی تەکسی تەلەفۆنی.؟**

سەبارەت بە ئێمە وەکو پۆلیسی هاتووچۆ ئێمە بێگومان کێشە هەیە بڵێم کێشەنیە چونکە کێشەی هاتووچۆ کێشەیەکی جیهانیە نەك تەنیا لە سۆران بەڵکو لە هەموو کوردستان هەیە، ئێستا پاش کێشەی مەسکەن خواردن سێیەم کێشە لە جیهان کێشەی ترافیکە، بۆیە ئێمە لە تیمی هاتووچۆدا هەر ئۆتۆمبێلێك کە سەرپێچیەکی هەبێ لە رووی یاساییەوە ئێمە لێپرسینەوەی پێویست لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی رێگاکانی دەرەوە لە تیمەکانی دەرەوە خۆماندا لێپرسینەوەی پێویست لەگەڵ ئەو شوفێرە دەکەین.

**ئەی ئەو شوفێرانەی مۆڵەتی تایبەتیان هەیە هەموو مۆڵەتیان هەیە ئەو مۆڵەتە تایبەتە بە تەکسی یاخود دەتوانێ بە هەر شێوەیەك بەکاریبهێنێت.؟**

سەبارەت بە سیستەمی تەکسی ناسنامەی تایبەتیان هەیە، ناویان تۆمار کراوە لە بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی سۆران، بەڵام کێشەکە رەنگی ئۆتۆمبێلەکەیە ئەمەش وەکو گووتم رەنگی ئۆتۆمبێلە نەك لە سۆران لە هیچ قەزاو ناحیەك ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوە، تەمەنا دەکەم لە ساڵی تازە لە قەزا و ناحیەکان و شاروشارۆچکەکانی کوردستان ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت.

*** ئامارێکی تەواوی ساڵی 2009 تاوەکو ساڵی 2010 لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی قەزای سۆران.**

ـ مۆڵەتی گشتی: 1600

ـ مۆڵەتی تایبەت: 1300

ـ مۆڵەتی پەککەوتە: 130

ـ مۆڵەتی ئافرەتان: 85

**بەگشتی لە ساڵی 2009 ( 3115 ) مۆڵەت لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی سۆران دەرچووە.**

ـ مۆڵەتی نێودەوڵەتی: 350

ـ رووداوەکانی هاتووچۆی سۆران

ـ 73 رووداو بەگشتی

ـ 53 کەس بریندار بووە

20کەس مردووە.

30 رووداو وێنەی گیراوە.

**11484 ئۆتۆمبێل لە سنوری گومرگی حاجی ئۆمەران داخیلی کوردستان بوونە لە جۆری "**

⋆ پیکاب نیسان دبل

⋆ پیکاب دێر.

⋆ نیسان سەنی.

⋆ بیکاشۆ.

⋆ کرۆلا.

⋆ ماتۆرسکیل.

6,39900 سەرپێچی لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی سۆران تۆمارکراوە و سزای یاساییش دراون.

**فۆتۆ/ ئاسۆس ئەحمەد**